www.kurdistannet.org
28-1-2003 1:23

# بزووتنەوەی دژی شەڕ، تروسکاییەکی ئومید بەخش!

**محسن کریم**

هاوشانی بەرزبوونەوەی دەنگی تەپلی شەری ئەمریکا، جەماوەری ئازادیخوازی دنیا، جەماوەری نارازی لە جەنگ‌و کوشتار، جەماوەری تامەزرۆی ئاشتی‌و ئاسایش‌و خۆشبەختی و یەکسانی بۆ سەرجەم ئینسانەکان، لەناوخۆی ئەمریکاوە تا کەنەداو ئەوروپا، لە یابان‌و روسیاوە تا ئەرجەنتین‌وتورکیا، تا وولاتانی عەرەبی.... لە پاڵ خەلکی عیراقەوە راوەستان‌و وتیان نا بۆ کوشتاری خەلکی عیراق، ووتیان نا بۆ ملهوری‌و عەسکەرتاریەتی ئەمریکا، بە دروست ووتیان کە جەنگی ئەمریکا بۆ رزگارکردنی خەلکی عیراق لە دەست رژیمی صدام حسین نی‌یە، بەلکو لە پیناو بەرژەوەندی سیاسی‌و ستراتیژی خۆیدایە کە بەقیمەتی کوشتاری سەدان هەزار ئینسانی بێدیفاعی عیراقی‌و ویرانکردنی بنەمای ژیانی ئابووری‌و کۆمەلآیەتی خەلکی عیراق تەواو دەبیت. خەلکی ئەمریکا ووتیان نامانەوێ بەناوی ئیمەوە شەر دژی خەلکی عیراق بەرپا بکریت. خۆپیشاندەران لە واشنتۆن‌و لەندەن‌و دەیان شاری ئەمریکاوە، لە پایتەختەکان‌و شارەکانی ئەو وولآتانەوە ووتیان خەلکی عیراق تەنیا نی‌یە، ئەگەر دەسەلآتبەدەستانی کۆشکی سپی‌و خاوەن سەروەتەکانی ئەمریکاو بەریتانیا ئەیانەوێ لەسەر لافاوی خوینی خەلکی بێدیفاع‌و ژن‌و منالّ‌و لاوو پیری عیراق ئایندەی دنیا بۆ چەندین سالی تر بە قازانجی سەرمایەی ئەمریکی بنەخشینن‌و کویخایەتی ئەمریکا بەسەر دنیادا بهیلنەوە، ئەوا جەماوەری ئازادیخواز، کریکاران‌و جەماوەری زەحمەتکیش، ریکخراوە کریکاری‌و ئینساندۆستەکان‌و حیزب‌و ریکخراوە چەپ‌و کریکاری‌و کۆمۆنیستیەکان، لە پاڵ جەماوەری خەلکی عیراقدا راوەستان‌و رۆژانی پشووی هەفتەی رابردوویان کردە رۆژی پشتیوانی لە ژیان‌و گیان‌و ئایندەی خەلکی عیراق، ئەم جەماوەرە، سەرباری نوزەیەك کە لەم گۆشەو ئەو گۆشەوە بۆ دیفاع لە رژیمی بەعس بەرزدەبووەوە، ووتیان نەجەنگی بۆش دژی عیراق‌و نە رژیمی صدام شایستەی خەلکی عیراقە. ریك ئەمە ویست‌و ئارەزووی واقعی خەلکی عیراقە کە لە لایەن ئەمریکاو رژیمی بەعسەوە کراونەتە بارمتەی بە ئاکام گەیشتنی سیاسەتە دژی ئینسانیەکانی خۆیان. ١٢ سالە ئەم خەلکە لەلایەن ئەمریکاوەو بە مۆرو تەئیدی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە برسی‌و بێ ئیرادەو کۆمەلکوژ دەکرین‌و ئەمەش هەمووی بەناوی پاراستنی خەلکی عیراق‌و شەرعیەتی نیونەتەوەیی‌یەوە بەریوە دەبریت، زیاتر لە سێ دەیەشە لەلایەن رژیمی درندەو هاری بەعسەوە سەرکوت‌و بێماف دەکرین‌و هەرجۆرە نوزەیەکی ئازادی‌یان لی زەوت‌ودەکریت‌و کۆمەلکوژ دەکرین. خەلکی عیراق لە نیوان مەنگەنەی بەعس‌و ئەمریکادا وورد دەکریت. بەلآم ئەمجارەیان بەشیکی بەرچاو لە جەماوەری دنیا بەرامبەر بەم وەحشیگەریە هاتنە دەنگ. ووتیان ریگا نادەین خەلکی عیراق لە تاریکیدا قەسابی بکرین! ئەمە تروسکایی‌یەکی ئومیدە کە بەشەریەتی ئازادیخواز خەریکە لەژیر باری پروپاگەندەی ریاکارانەو چەواشەکارانەی دەزگای راگەیاندنی سەرمایەداری‌دا پشت راست دەکەنەوەو راستیەکان وەکو چۆن هەن ببینن!

بەلام هیزەکانی بۆرژوازی عیراقی، بە ناسیۆنالیستی کوردو عەرەبیەوە، بە دەستەو تاقمە دینی‌یە جۆراجۆرەکانیەوە، بەپیچەوانەی ئەم رەوتە جیهانیەوە، بە پیچەوانەی ئەم بزووتنەوە ئینسانیەوە کە بۆ دیفاع لە خەلکی مەحرومی عیراق هاتۆتە مەیدانەوە، سەرەرای راگەیاندنە ریاکارانەو پیچاوپیچانەکانیان دەربارەی ئەوەی کە ئەوان دژی شەرن‌و نایانەوێ ببنە بەشیك لە نەخشەی سەربازی ئەمریکاو...تاد. بوونەتە کەرەنای دەنگدانەوەی دەنگی شەری ئەمریکا لە دژی خەلکی عیراق، بە ئومیدی ئەوەی کە لەژیر ریژنەی گوولەو موشەکی فرۆکەکانی ئەمریکادا و بەسەر لاشەی هەزاران ئینسانی مەدەنی عیراقیدا بەرەو دەروازەکانی بەغدا برۆن، بە ئومیدی ئەوەی لە پاداشتی خۆشخزمەتی‌یان بۆ ئەمریکاو دەوری چەواشەکارانەیان بەناوی خەلکی عیراقەوە بۆ پیش لەشکریی ئەمریکا و شەرعیەتدان بە جەنگ‌و بەم بەربەریەتە هاوچەرخەی ئەمریکا لە کورسیەکانی دەسەلآتی عیراقی دوای صدامدا جیگایەکیان بۆ دیاری بکریت. جاریکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عیراقی، وەکو سالی ١٩٩١لە پاڵ بەرەی کۆنەپەرستی‌داو دژ بە بەرەی ئازادیخوازی‌و ئینسانیەت راوەستانەوە، بەلآم ئەمجارەیان ناتوانن جەماوەری خەلکی عیراق لە بەرەی ئازادیخوازی دنیا دابرن‌و بیکەنە سیا

لەشكرى ئەمريكاو سەربازى خۆبەخشى دامەزراندنى سيستەمى نوێى جيهانى بۆ ئەمريكا! ئەمجارەيان هەم بزووتنەوەى دژى شەرو جەماوەرى ئازاديخوازى جيهان هوشيارتر و ئامادەترن‌و هەم دەنگيكى ديكە لەناو جەماوەرى عيراقەوە دەبيسترێ، لە ئاستى دنيادا حوزورى هەيە، پلاتفۆرم‌و سياسەتى رۆشنى هەيە، نوينەرايەتى خواستى بەرهەقى خەلكى عيراق دەكات بۆ رزگاربوون لە دەسەلاتى بەعس‌و بەهرەمەندبوون لە ژيانيكى ئارام‌و ئازادو يەكسان، هاوكات دژى شەرفرۆشى‌و جەنگخوازى ئەمريكايە‌و بەشيكە لە بەرەى ئازاديخوازى دنيا.

دەبيت هەرچى زياتر ئەم دەنگەى خەلكى عيراق لەگەڵ ئەو بزووتنەوە جيهانيەدا گرێ بدريتەوە، پشتيوانى ئەم بزووتنەوە ئازاديخوازە بۆ ئەم دەنگ‌و بۆ ئەم هيزە دابين بكريت بەمەبەستى پيش گرتن بە كوشتارى خەلكى عيراق لەلايەن ئەمريكاوە‌و دەسكۆتا كردنى دەستى رژيمى بەعسيش لەسەر ژيانى ئەم خەلكە لە هەمان كاتدا. ئەم ئەركە لە ئەستۆى حيزبى كۆمۆنيستى كريكاريى عيراق‌و بزووتنەوەى كۆمۆنيستى كريكارى‌دايە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا** بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت......... ١٥-١-٢٠٠٣